لە رۆژی ناتوندوتیژی نێودەوڵەتیدا
ئاوڕێک لە غاندی و فەلسەفەی ناتوندوتیژی



ئامادەکردن و وەرگێڕانی : سارێژ

بڕیاروایە رۆژی (2)ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ لەسەر بڕیار نەتەوەیەکگرتووەکان مرۆڤایەتی بۆ یەکەمین ساڵ رێزلە تێکۆشانی بێخوێنڕشتنی پەیامبەری ناتوندوتیژی وئاشتی (غاندی)بگرێت و,لەورۆژەدا هەموو ساڵێک چالاکی جۆربەجۆر لەپێناوی جیهانێکی بێتوندوتیژی ئەنجام بدرێت.ئەم چەند دێڕە وەکو رێزگرتنێک لەو رۆژەو لەپێناوی ژیانێکی بێتوندوتیژی نوسراوە.

چەند وێستگەیەک لەژیانی غاندیوتێڕوانینی بۆ ناتوندوتیژی

پارێزەر غاندی لە (2)ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1869 لە (بور بەندەر)لە ناوچەی (گاجارات) ی هیندستان لە خێزانێکی موحافیزکار کە باکگراوندێکی سیاسی دوورودرێژیان هەیە لە دایک بووە,لە رابردوودا باپیری و پاشانیش باوکی سەرۆک وەزیرانی ناوچەی (بور بەندەر)بوون.

وەک لاوە هاوتەمەنەکانی خۆی لەولاَتەکەیدا زوو چۆتە بنباری ژنهێنان و لە تەمەنی (13)ساڵیدا ژنی هێناوەو چوار منداڵی لەو خێزانەی هەبووە.لەساڵی 1888 بۆخوێندنی یاسا چۆتە لەندەن ولەسەرەتادا ویستویەتی وەکو هەرگەنجێکە رۆژهەلاَتی کە چووبێتە رۆژئاوا ژیانبەسەر بەرێت,بەلاَم هەرزوو بەلاَنسی خۆی وەرگرتۆتەوەوپەیوەست بۆتەوە بە خوێندن و ئاینەکەیەوەو بەردەوام لە هەوڵی زیاتر خۆرۆشنبیریکردندا بووە. ئەو کەسێک بووە کە پشتی بە خوراکی گیایی بەستووەو کۆمەڵەیەکیشی لەوپێناوەدا دامەزراندبوو.

وەختێک خوێندنی یاسای تەواوکردوو لەساڵی 1891 گەڕایەوە هیندستان هەستیکرد کە لەکاری پارێزەریدا ناگاتە ئامانج ولەگەڵ ویستی ویدا یەکناکاتەوە, ریگایەک نیە بۆ سەرکەوتن ,بۆیە دەمێک کاری عەریزەنووسی دەکات ,پاشان بەگرێبەستێک بۆ ماوەی یەک ساڵ لەگەڵ کۆمپانیایەکی هیندیروو دەکاتە (ناتال)لەباشووری ئەفریقیا بۆ کارکردن. لێرەوە بە سەرەتاکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی ئاشنا دەبێت.

غاندیو هاوسەرەکەی

ساڵی 1893 غاندی وخێزانەکەی چوونە ناوچەی ناتال لە باشوری ئەفریقیا و دەستیبەکارەکانی کرد,لەوێدا ئاشنابوو بە ململانێی و تێکۆشانی ناتوندوتیژی.ناوچەکەی ئەو شوێنێکی کرێکاری بازرگانی بوو .کرێکاران دابەشببوون بەسەر سێ بەشدا: بەشێکیان عەرەبی موسڵمان بوون ,بەشێکی دیکەیان هندۆس بوون .سێیەمیشیان مەسیحی بوون,لەنێوانیشیاندا پەیوەندییەکی کەم هەبوو. هەر لەوێدا غاندی ئاشنابوو بەسیاسەتی رەگەزپەرستی حکومەتی باشووری ئەفریقیا کە ئەوکات هندستان وباشووری ئەفریقیا لەژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکاندابوون. ئەو بەوە ئاشنابوو کە حکومەتی رەگەزپەرتی باشووری ئەفریقیا لەرێگەی دەرکردنی یاساو باجەوە فشاری زۆر دەخاتە سەر دانیشتووانی رەسەنی وڵاتەکەو رێگەگرتن لە هاتنی ئاسیاییەکان. لەو ماوەیەی لەوێمایەوە ماڵەکەی کردە شوێنی دیدار لەگەڵ تێکۆشەران و هاورێیانیداو هەژارەکانی کردە ئامانجی کاری و خۆی فێری کاری فریاکەوتن کردو داهاتەکانی هەموو بۆ ئەوکارانە خەرج دەکرد واتا هاوکاریکردنی هندی و هەژارەکان.ئەو هەزاران عەریزەی بۆ رەشپێستەکان نوسی دژ بە دەسەڵاتی سپی پێستەکان. هەروەها رێکخراوی(کۆنگرەی هیندی) دروستکرد,بڵاوکراوەی(رای هیند)ی دەرکرد کە بە زمانەکانی ئینگلیزی و سێ زمانی ناوخۆیی هندی دەریکرد و,لەگەڵ هاورێکانیدا چوونە دەرەوەی شارو ناوچەیەکیان بۆخۆیان دروستکرد بە ناوی (فینیکس) لەساڵی 1904. واتە دوای ئەوەی کە بڕیاری دا بمێنێتەوە لە باشوری ئەفریقیا.

مانەوەکەی بەهۆی ئەوەوە بوو کە دەسەڵاتداران بڕیاریاندا کە دەرفەت نەدەن بە هندییەکان بەشداری دەنگدان بکەن.بەهۆی شارەزای لەبارەی یاساکانەوە غاندی توانی داوای هندییەکان لە دەسەڵاتداران بباتەوەو بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەو چەندین جار رووبەڕووی دەستگیرکردن بۆتەوە کە دواینیان لە ساڵی 1906 بوو بە هۆی تازەنەکردنەوەی مۆڵەتی مانەوە بە پێی یاسای نوێ کەبەیاسای ئاسیاییەکان ناسرا. بەرامبەر بەو یاسایە خۆپیشاندانی گەورەی هندییەکان دروست بوو ,چینییەکانیش چوونە ریزیان.,بەم هۆیەوە زیندانەکان پڕاوپڕبوون لە ئاسیایی. غاندی هندییەکانی هاندا کە شاندێک بنێرنە بەریتانیا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی داواکانیان.غاندی بۆ تێکۆشانی مەدەنی یاسایی دژ بە یاسا ئاسیاییەکە چەند مەرجێکی دانا :

*ئەگەر یاساکە جێبەجێکرا دەبێت بەشداری خۆپیشاندان بکات.
*پارە کۆکردنەوە بۆ سەفەری شاندەکە بۆ بەریتانیا.
*ژمارەی شاندەکە دیاریکراوبێت.

شاندەکە لەبەیتانیا چاویان کەوت بە وەزیری ناوچە کۆلۆنیالکراوەکان کە لەرووی شاندەکەدا بێزارە خۆی دەربڕی ,بەلاَم لەژێرەوە هانی دەسەلاَتدارانی ناوچەکەی باشوری ئەفریقیای دا کە یاساکە جیًبەجێبکات وخودموختاری پێببەخشێت. بۆیە یاساکە جێبەجێکراو غاندیو سەرکردەکانی دیکە خۆپیشاندانەکان دەستگیرگران و دواتر دەسگیرکرایەوەو,جارێکی دیکە لەساڵی 1908 زیندانی کراوو پاشان بەردرا. غاندی و یاوەرانیهەستیانکرد کەبوونەتە ئامانجی پۆلیس بۆیە بڕیاریاندا کە بەرگەی هەڕەشەولێدان و برسێتی بگرن و پەنانەبەنە بەر توندوتیژی. دەنگوباسی ئازاردانی هندییەکان لە باشوری ئەفریقیا گەیشتەوە هیندستان.بۆی لەژێر فشاری خەڵکدا حالمی ولاَت نارەزاینامەیەکی نارد بۆ باشوری ئەفریقیا لەوبارەیەوە. دۆخەکە وەکو خۆی مایەوە تا لەساڵی 1914 دەسەلاَتداران داوای یەکلاکردنەوەی کێشەکەیانکردو,بەشێوەیەک لە شێوەکان چارەکراو,تێکۆشانی ناتوندوتیژی لەوێدا وەبەرهەمهات.

ساڵی 1915 غاندی گەڕایەوە هیندستان و دەستی کردەوە بە تێکۆشان لەلایەک رووبەڕووبوونەوەی کێشە کۆمەلاَیەتییەکان کە توێژی پەسندنەکراوەکان(المنبوژین) توشی ببون کە غاندی بە (منداڵەکانی خودا)ناوی بردن,لەولاشەوە دژ بە داگیرکەری بەریتانی.

لە ئاستی ناوخۆ: لەبەرامبر یاسای جیاوازیکردن و دانانی نوێنەری کەم بۆ پەسندنەکراوەکان لە هەڵبژاردنەکاندا,غاندی بڕیاری مانگرتن تا مردنی دا.ئەمەش لایەنەکانی ناچارکرد رێکەوتنی (بۆنا) مۆربکەن و نوێنەرایەتی پەسندنەکراوەکان زیادبکەن.

لەئاستی داگیرکەراندا: بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی مەبدەئی وتووند بووە بەرامبەر بە داگیرکاری,بەلاَم لەوتووندییەوە هەندێک جار نەرمی نواندووە وەکو قۆناغێکی تاکتیکی.بۆنموونە لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی لەتەک بەریتانییەکاندابووە دژ بەنەیارانیان,هەر لەسەرداوای حاکمی بەریتانیش بەشداری کۆبوونەوەی سەربازی کردووە لە (دلهی) زۆرجاریش نەیارانی بەمانە تاوانباریانکردووە. بەلاَم لە هەمان کاتدا لەساڵەکان 1918-1922 بەراشکاوی زۆر سوور بووە لەسەر سەربەخۆیی هیندستان. لەساڵی 1922 یشدا سەرکردایەتی بزاوتێکی جەماوەری مەدەنی کرد دژ بە بەریتانییەکان,کە لە ئەنجامدا پێکدادان روویدا,ئەوەش وایکر کە غاندی بزاوتەکە رابگرێت ,بەلاًم بەریتانییەکان بڕیاریاندا شەش ساڵ دووریبخەنەوە,بەلاَم لەژێر فشاری لایەنگرانیدا ساڵی 1924 هێنایانەوەو ئازادیانکرد.

ڕێپێوانی خوێ

داگیرکەری بەریتانیا رێگەی بە هیندییەکان نەدەدا لە پیشەسازی خوێدا کاربکەن.بۆیە غاندی بیری کردەوە ئەو یاسایەی کە رێگری دەکات پێشێلی بکات و خەڵکی بۆ بجووڵێنێت,ئەوە بوو رووەو دەریا رۆشت بۆ دەرهێنانی خوێ و بەهەزاران میلی بڕی لە گەڵ یاوەرانی لەو پێناوەداو,بێگومان یەکەم چنگی خوێی لەسەر دەریا گرتەدەست,ئەمە بەریتانییەکان زۆر پەستکرد, و بووە هۆی ئەوەی بیخەنە زیندانەوە,لەو کاتەی ئەو

لەزینداندا بوو هەزاران لەلایەنگرانی کەوتنە زیندانەوەو لێوانلێوی زیندانەکان لە تێکۆشەرانی ناتوندوتیژی بوو فشاری شەقامیش هەر درێژەی هەبوو .دواجار بە ناچاری بەریتانییەکان لەگەڵ غاندیدا لە ساڵی 1931 (رێککەوتننامەی_دلهییان) مۆرکرد کە بەندەکانی لەبەرژەوەندی هەردوولادابوو,بەمەش رێپێوانی خوێ بە ئامانج گەیشت و کۆتایی پێهات.

ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی

ساڵی 1934 غاندی دەستیکێشایەوە لە کارکردنی حزبی لەنێو ریزی (حزبی کۆنگرەی هیندستان)وبەتەواوی خۆی داوە بەرکارکردن لە پێناوی چاکسازی ئابووری کە گوندەکانی هیند پێوەی دەیانناڵاندو,داوەی لەحزبی پێشووی کرد کەبەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1937 بکات کە یاسای نوێ تائاستێک شەفافیەتی دەستەبەرکردووە لە هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام سەرلەنوێ و لەساڵی 1940 دەستی دایەوە خۆپیشادانی درێژخایەن وماوەی یەک ساڵی تەواوی خایاند.ئەو دەم بەریتانییەکان بە شەڕی جیهانی دووەمەوە خەریک بوون ,بۆیە وەفدێکیان ناردەلای بزوتنەوەسەبەخۆخوازەکانی هیند بۆ بارودۆخ ئارامکردنەوە,بەڵام رازینەبوون.بۆیە لەساڵی 1942 غاندی گوتارێکی گرنگی پێشکەشکرد کە تیایدا بە بەریتانییەکانی گوتبوو(هیند بەجێبهێڵن تاوەکو رێزدارن) ,بەریتانییەکان بەم گوتارە رازینەبوون ,بۆیە وێڕای ئەوەی کە غاندی پشتگیری ئەوانیکردلەشەڕی جیهانی ,بەڵام خۆی ولایەنگرانی کەوتنە زیندانەوە,تا لەساڵی1944 ئازادکرا.

لەساڵەکانی 1944 و1945 وەختێک کە هیند بەرەوسەربەخۆیی دەڕۆشت مەیلی جوداخوازی لەنێوموسڵمانەکانی ئەوێداسەریهەڵدا بەسەرۆکایەتی(محەمەد عەلی) ئەمەش بووە هۆی شەڕێکی خوێناوی لەنێوان موسڵمان و هیندۆسەکان,غاندی هەوڵیدا یەکێتی نیشتمانی بپارێزێت,بەڵام بێسوودبوو,تاکارگەیشتە جیابوونەوەو ئەوەش شەڕی هیندوو پاکستانی لێدروست بوو بەهۆی کشمیرەوە.

لەنێوخۆی هیندیشدا کەمینە موسڵمانەکان بوونە ئامانجی توندڕەوە هیندۆسییەکان,غاندی بەردەوام داوایدەکرد کەرێزیان لێبگیرێت و ئازار نەدرێن.ئەو هەڵوێستەی غاندی توندڕەوە هیندۆسەکانی تووڕەکرد,بۆیە بڕیاریاندا بیکوژن,ئەوەبوو لە بەرواری30ی شوباتی 1948 لەتەمەنی 79 ساڵیدا بەدەستی توندڕەوێکی هیندۆسی کوژرا.شایەنی باسە پێشووتر پێنج جار رووبەڕوی هەوڵی کوشتن ببۆوە.

سەرچاوەی ئیلهامەکانی غاندی لە ناتوندوتیژیدا

وێڕای ئەزموونی فێربوونی لە ژیانی رۆژانەوە لە باشووری ئەفریقیاو وڵاتەکەی خۆی کەشوێنی ناکۆکی بوون,لەهەمانکاتیشدا غاندی وەکو کەسێکی رۆشنبیر لەژێر کاریگەری چەندین بیروبۆچوون ونوسەرو کتێبدابووە.لەوانە (سروودی تۆباوی) کە داستانێکی شیعری هیندۆسییە لە سەدەی سێزدەی پێش زاین نوسراوە و بە فەرهەنگی رۆحی خۆی داناوەو بۆی گەڕاوەتەوە. هەروەها کتێبە(ئامۆژگاری چیا) ی ئینجیل و کتێبی (تا دوا پیاو)ی فیلەسووفی ئینگلیزیجۆن راسکین)کە باس لە باشەی هەموو جۆرەکانی کاری دەستەجەمعی دەکات,لەولاشەوە کتێبی (هەڵگەڕانەوەی مەدەنی) ی شاعیری ئەمریکی دیڤد تۆرۆ.لەتەک هەموو ئەوانەشدا لەژێر کاریگەری گەورە ئەدیبر روسی (تۆلستۆی)دا بووە.

باوەڕە سۆفیگەرییەکانی خۆشی لە کەمخواردن وسادەپۆشین و بێدەنگی (بەتایبەتی هەموو دووشەمووانێک بێدەنگە نواندوو لە هەفتەدا) ,ئارامگرتن وپەلەنەکردن لەهەڵسوکەوت و بڕیارداندا,ئەو یڕوایەی لادروستکردبوو کەدەبێت مرۆڤ پێش ئەوەی هەوڵی گۆڕینی خەڵکبدات ,دەبێت خۆی بگۆڕێت.

غاندی و ناتوندوتیژی

غاندی بە دامەزرێنەری جۆرێک تێکۆشان دادەنرێت کە لە سیاسەتناسیدا پێی دەگوترێت (بەرەنگاربوونەوەی ئاشتیانە) یاخود فەلسەفەی ناتوندوتیژی(ساتیاراها). کە لەسەر چەندین بنەمای ئاینی و سیاسی و ئابووری دامەزراوە و لەکورتیدا ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئازایەتی وراستی و ناتوندوتیژی,کە ئامانجی نوشوستگەیاندنە بە دوژمن لەرێگەی هوشیاری تەواو بەرامبەر بە کێشەکەو دروستکردنی هێزی ناتوندوتیژی لەبەرامبەریدا.

ناتوندوتیژی بەلای غاندییەوە بە قۆناغدا گوزەر دەکات لەلایەک گەورەکردنی گرفتەکە ,لەولاشەوە هاندنی خەڵک لەدژیدا,چ بەئامانجی لەناوبردنی یان گچکەکردنەوەی یاخود هەرنا گەورەتر نەبێت گرفتەکە.بەلاَم لای غاندی دوائامانج لەناتوندوتیژیدا کۆتایی پێنایەت ,بەڵکو پێی وایە ئەگەر زەرووەرەت خواستی بەناچاری پەنادەبرێتە بەر توندوتیژی.